# ئوسامە خەزرەجی

حەمەسەعید حەسەن

بەو ژنەی بۆی نوسیووم :پەنجەکانم دەکەم بەمۆم، تا لە تاریکی شەوانتا بتوێتەوە، پێشکەشە

ئایا ئـەوە تـیرۆر نـەبوو کـە یـنك (١٣/ ٦/ ١٩٩٤) دەسـترێژی لـە خـەڵکی بێچەکی سلێمانی، ئەوانەی تەرمی عوسمانی قادر مننەوەر کەوتبوون، کرد وچل کەسێکی لێ کوشتن؟ ئایا ئەوە تیرۆر نەبوو کە ینك لە (١٤/ ٧/ ٢٠٠٠) دا، لەشکری ناردە سەر کۆمۆنیستە کرێکارییەکانی سلێمانی و پێنجی لێ کوشتن؟ ئایا ئـەوە تیرۆر نەبوو کە ینك لە ٨ / ١٢ /١٩٩٧ لە دەروازەی (کۆیـە) دا، پێنج ئـەندامی (حدکا) ی کوشت؟ ئایا ئەوە تیرۆر نەبوو کە ینك پایزی ساڵی ١٩٨٣ بەتەور دەست ولاقی وریای وەهابی نەقاری پەراند؟ ئایا کوشتنی کەسانی بێچەکی شارنشینی وەکوو نووری حەمەعەلی و عەلی بۆسکانی، تیرۆر نەبوو؟ ئایا ئـەوە تـیرۆر نـەبوو کـە یـنك (٢/١١/١٩٩٥) محەمەد حەلاق وهاورێکانی لە بازگەی کۆیە بە دیل گرت و کوشتنی و تەرمە ئەتککراوەکانیشی شاردنەوە؟

هۆ سوارەی باراناوی

هۆ مێرخاس و میهرەبان،

چۆن بەبێ ماڵئاوایی

جێمان دێڵیت بۆ تاوان؟

بنووسـی ئـەم هۆنـراوەیەکە رووی لـە محەمـەد حەلاقـە، پـێش ئـەوەی مەرەکـەبی شـیعرەکەی، یـان خوێنی هاورێکەی وشك ببێتەوە، لە پێناوی چەپکێ تیشك و مشتێ دراودا، دەستی خستە نێو دەستی تاوان بارانەوە !

ئیسـلامی سیاسـی سەر بە ئوسامەی کوڕی لادن بێ، یان مەلا کرێکار، سەر بە عەلی باپیر بێ، یان محەمەد بەرزنجی، سەر بە عـەلی قـەرەداغی بـێ، یـان ووریـا هەولـێری، سـەر بـە مامۆستا سەلاح بێ، یان مەلا عەلی، هەر تیرۆری پێیە. جیاوازیی نێوان ئوسـامە و مـەلا بەشـیر ڕەنگە هەر ئەوە بێ، ئەو سەنتەری بازرگانیی جیهان دەتەقێنێتەوە و ئەم دووکانی بیرەفرۆشێك. من دژی ڕەشـەبای تـیرۆرم، بـە چاوپۆشـین لـەوەی لە کوێوە هەڵدەکا. من دژی تیرۆری ڕەشی بەعس وئیسلام، تیرۆری سەوزی ینك، زەردی پدك و سووری ستالینم.

ئەی گەلەکەم

من بە هیوام

ڕیخۆلەی لەشکری ئیسلام

بکەی بە پەتی سێدارە

بۆ ملی دیلکوژانی مام

ئـەوە زۆر ئاسـاییە، ئیسـلامییەکان یـاریدەی یـەکتری بـدەن. ئـەدی سۆسـیال دیموکراتەکان، سـەوزەکان، کۆمونیسـتەکان، ڕاسیسـتەکان، ئەنارشیسـتەکانیش پشتی یەکدی ناگرن؟ ینك بۆیە هێندە قەوانی هاوکاریی نێوانی جوندی ئیسلام و ئوسامە لێ دەدا، تـا مەسـرەفی قورسـی شـەرەکە، بخاتـە ئەسـتۆی پێنتاگۆن و بەرهەم سالحیشی بەو مەبەستە ڕەوانەی واشینگتۆن کـردووە. ئەمـەریکا ئایـاری ١٩٩٨ بـڕیاری دا، عـێراقمان بـۆ ئازاد بکا. بریا سەرەتا هەورامانی لە ژێرچنگی چەپەڵی (کوڕانی ئوسامە) بۆ ئازاد دەکردین.

Kurdistan Net

قوربانیەکانی دەستی کوڕەکەی لادن، ئەو پەڕی حەوت هەزار کەسێکن. ئەگەر جوندی ئیسلام پیاوی ئەو بن، ئەوا قوربانییە کوردەکانی دەستی، هەر پەنجا شێست کەسێکە. یەکێتی وپارتی دنیایان لە دژی ئوسامە پڕکردووە، کەچی لە میدیای خۆیانەوە هێشتا وشەیەکیان دژی نیزار خەزرەجی کە ژمارە قوربانییە کوردەکانی، نزیکەی دوو سەد هەزارە، نەگوتووە.

نیزاری کۆنە فەرماندەی فەیلەقی یەك و سوپاسالاری بەعس، دوو ساڵێکە لە دانیمارك دەژی، چونکە ئۆپۆزیسۆنی عێراقی، لە گوێی گادا نوستووە، بە ڕێکەوت هەفتەیەك لەمەوبەر ئەو نەهێنییە ئاشکرا دەبێ. چەند ڕۆژێکە کوردەکانی دانیمارك گوشار بۆ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە دەبەن، تا نیزار کە بەرپرسە لە ئەنفال، ژار بارانی کوردستان وبێ سەر وشوێنکردنی فەیلی و بارزانییەکان، وەك تاوانبارێکی جەنگ بدرێتە دادگای لاهای، کەچی ئەندامانی ینك و پدك بەشداری لەو چالاکییانەدا ناکەن! ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئەو دوو لایەنە پێوەندیی و پەیمانی نەهێنیان لەگەڵ بەعسدا هەیە. ئاخر دادگاییکردنی نیزار، ئابڕووچوونی بەعسی بە دواوەیە و یەکێتی و پارتیش بە تەنگ ئابرووی هاوپەیمانی خۆیانەوە دێن.

حیزبەکانی دانمارك، لەم پەڕی چەپەوە تا ئەو پەڕی ڕاست، داکۆکی لە کورد دەکەن و دەڵێن دەبێ خەزرەجی دادگایی بکرێ. دوو زلحیزبەکەی کوردستان لە بەر دڵی، لە پەڕەی گوڵ ناسکتری کاکە سەدام، ئەنفالیان لە بیر چۆتەوە.

هەفتەیەکە هەواڵی سەرەکی لە میدیای دانیمارکدا ئایندەی خەزرەجییە و تەنانەت تیڤی و ڕۆژنامە عەرەبییەکانی لەندەنیش باسی دەکەن، کەچی کوردستانی نوێ و برایەتی، کوردسات و کوردستان تیڤی ئاوڕ لەو مەسەلە گرنگە، کە پەیوەندی بە چارەنوسی کوردەوە هەیە، نادەنەوە! پێ دەچێ ژیانی پدك و ینك بەمانەوەی بەعسەوە بەند بێ، ئەگەر نا ئەدی بۆچی لەسەر حەقی کورد نایەنە دەنگ؟ ئەگەر ئەو دوو لایەنە دژی تیرۆرن، کەس هەیە لە سەر لەشکری سوپای ئەنفال تیرۆریستتر بێ؟ من وێرای پێگەیاندنی کۆمەڵێ دەروونناس، چونکە نووسینم بەردیش دێنێتە قسە، چەندان نووسەریشم پێگەیاندووە. زۆرن ئەوانەی بۆ یەکەم جار لە دژی من،

دەستیان بۆ قەڵەم بردووە. کەم نین ئەوانەی یەکەم نامیلکە، یان کتێبیان، لە دژی من نووسیوە. هەندێکیش تەنیا یەك جار دەستیان بۆ قەڵەم بردووە، ئەویش لە دژی من.

(**والكاظمين الغيظ**) خودا سوێند بەو کەسانە دەخوا کە پیش دەخۆنەوە. گەلێ کەس لێیان پرسیوم: هۆی چییە، هەر گەنج دەبیتەوە؟ چونکە هەرچیم بوێ، دەیڵێم، چونکە قەت پیش ناخۆمەوە.

٢٠٠١/١٠/٨

Kurdistan Net